# پرۆژەی رەخنەگرتن. . مەریوان نەقشبەندی

Mariwan_na@yahoo. com



بروا ناکەم هیچ گەلێك بەقەدەر کورد زوڵمی ناوخۆیی و دەرەکی لێکرابێت، برواش ناکەم نووسەر و رۆژنامەنووسانی هیچ وڵاتێك بەقەدەر نووسەر و رۆژنامەنووسانی کورد رەخنە و تۆمەتیان ئاراستەی حکومەت و سەرکردایەتی خۆیان کردبێت، بەڵام لەبەرئەوەی رەخنەکان لەبازنەیەکی حزبیدا دەسووڕێتەوە و زیاتر بۆ پروپاگەندەی حزبییە، نە لەلای شەقامی کوردی و نە لەسەر ئاستی حکومی وەك پێویست کاریگەری دروست نەکردوە، ئاستی تێگەیشتنی ئێمەش لەکاری حزبایەتیدا بەجۆرێك نزمە کە پێمان وایە ئەگەر ئەندامی حزبێك بووین ئیتر کاری ئێمە ئەوەیە بەراست و چەپدا بەشان و باڵی حزبەکەمان و سەرکردایەتی حزبەکەماندا هەڵبدەین، یان بەدوای هەر خاڵێکی لاوازی حزبێکی دیکەدا بگەڕێین تا رۆژنامە و کەناڵەکانی راگەیاندنی پێوە مەشغوڵ بکەین.

لەراستیدا ئەوە تێروانینێکی هەڵەیە بەرامبەر کاری حزبی و لەوانەشە تەواو پێچەوانەی پرەسیپی حزبایەتی بێت، راستە کوردستان لەم بارودۆخەی ئێستادا بەهەشتی ئازادی و رۆژنامەنووسی نیە، بەڵام دەکرێت، رۆژنامەنووسان و نووسەرانی کورد ئەگەر بەهەنگاوی ئەسپایی و هێواشیش بێت دەست بە راستکردنەوەی کەمتەرخەمی و کەموکوریەکان بکەن و بەبۆچونی من ئەگەر هەر رۆژنامەنووس و نووسەرێك لە حزبەکەی خۆیەوە (ئەگەر حزبی بێت) دەستپێبکات، ئەوا کاریگەرییەکەی زۆر باشتر و ئیجابیتر دەبێت و بەحوکمی کارکردنم لەرۆژنامەیەکدا کە ئۆرگانی حزبێکی گەورەو دەسەڵاتداری کوردستانە، دەتوانم بڵێم رەوشەکە لەبارە بۆ رەخنەگرتن و دۆزینەوەی چارەسەریش بۆ ئەو کەموکوڕی و گەندەڵیانەی لەکوردستان و لەناو حزب و حکومەتدا هەیە، لەم رێگایەشدا نابی چاوەڕێی ئاستەنگ و نارەحەتی نەکەین، بەڵکو بەپێچەوانەوە زۆر ئاساییە سزا بدرێین و لەوانەیە دووچاری چاوسوورکردنەوە و هەرەشەی جدی ببینەوە، بەڵام ئەوە تێپەراندنی قۆناغە ئاساییەکانە بەرەو ئازادی رۆژنامەگەری و رادەربڕین و دیموکراسیەتی راستەقینە و لەدواجاردا کۆمەڵگای مەدەنی.

سایتە ئەلکترۆنیەکانیش فاکتەرێکی یارمەتیدەرن بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو بەربەستانەی کە لەرۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە چاپکراوەکاندا دەخرێنە بەردەم رەخنەگران و نووسەر و رۆژنامەنووسان. .

من دەزانم ئەم بیرۆکەیە لەلای ژمارەیەك نووسەر و رۆژنامەنووس بەهەموو ووردەکاریەکانیەوە مەرفوزە و لەوانەیە جێگای قەشمەری بێت و ئەگەر بەتاڵیش بێت ئەوا هەر لەئێستاوە قەڵەم تیژ دەکاتەوە بۆ کۆمەڵێك وەڵام و بەدواداچوونی سەرپێی کە رەنگە ژمارەی خوێنەرانی ئەو وەڵامە لە خوێنەرانی ئەم بابەتە زیاتربێت کەدیارە ئەویش بەهۆی

سرووشتی یان راهاتنی خوێنەری کوردە، بەڵام ئەوەی بەلای منەوە گرنگە دەسپێك و هەنگاوی یەکەمە بۆ بەعەمەلی کردن و راهێنانی خەڵکە لەسەر گوتنی راستیەکان و پێشکەشکردنی پرۆژەی چارەسەرکردنی کێشەکان، هەریەکەو لە نزیکترین جێگای کارکردن و خزمەتکردنیەوە..